

# هابرماس وبەشداریکردنی گشتی کۆمەڵگە

**لە ئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود***

لە کتێبی The Structural Transformation of) the Public Sphere ) یورگن هابرماس باس لە گۆرانی پەیوەندییە گشتیەکانی کۆمەڵگە دەکات، ئەو گۆڕانکاریانەی ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم، بەڵام پەیوەندیان بە ژیانی مۆدێرنیشەوە هەیە.

ئەم کتێبە بریتیە لە تێگەیشتنی هابرماس بۆ بەشداریکردن گشتی لە بەرێوەبردنی کاروبارەکاندا. لای هابرماس بەشداریکردنی گشتی بریتیە لە بەشداری تایبەتی خەڵکی، دوای ئەوەی یەکدەگرن و بواری گشتی پێکدەهێنن، دروستبوونی ئەم بەشداریەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی چینی بۆرژوازی کۆمەڵگە. پێش دروستبوونی چینی بۆرژواز بۆ نوێنەرایەتیکردنی گشتی، پادشا یاخود لۆردەکان نوێنەرایەتی خەڵکیان دەکرد، پادشا تەنها کەسی گشتی بوو و ئەوانی دیکەش تەنها تەماشاکەر بوون، ئەو سەردەمە سنورەکانی بواری گشتی و تایبەت لێك جیانەکرابوونەوە.

گەشەکردنی ئابوری رۆڵی کاریگەری هەبووە لەدروستکردنی بەشداریکردنی گشتی کۆمەڵگە. هابرماس جەخت دەکاتەوە کە گەشەی بەرهەمهێنان و بازرگانی دوور –مەودای سەرمایەداری رۆڵی کاریگەریان هەبووە لەم گەشەکردنەدا. یەکێك لە دیارترین سیماکانی بەشداریکردنی گشتی لە سەدەی هەژدەیەمدا بریتیبوو لە بەکارهێنانی ئاشکرای عەقڵ لە دیبەتی عەقلانی و رەخنەیدا. دیبەیتی عەقلانی و رەخنەیی لە یانە و قاوەخانە رۆشنبیریەکانی ئەوسا لەوەڵیمی گەشەکردنی ئەدەب و نوسیندا سەریهەڵدا.

بە تێگەیشتنی هابرماس بەشداریکردنی گشتی لە هەناوی دامەزراوە تایبەتیەکانەوە لەدایکبووە. دامەزراوە تایبەتیەکانی وەك خێزان و شوێنەکانی گفتوگۆکردنی ئەدەبی و هونەری کە تیایاندا بۆ یەکەمجار گفتوگۆ و راگۆڕینەوە دەربارەی کارە هونەری و ئەدەبییەکان سەریانهەڵدا. لە بناغەدا بەشداریکردنی گشتی بەشدارییەکی تایبەت بوو، بەڵام چوونە ناو ئەو بەشدارییە گشتییەوە پەیوەندی بە ئاستی خوێندەواری و خاوەنداریێتی موڵکەوە هەبووە. لای هابرماس دروستبوونی بەشداریکردنی گشتی رۆڵی کاریگەری هەبووە بەرەو دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی.

گەشەکردنی تەواوی بەشداریکردنی گشتی بەمانا سیاسییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم لە بەریتانیا و پاشانیش لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەدامەزراویی کرا لەدەستوری ولێتانی بۆرژوازی ئەوروپا بە مەبەستی چاودێریکردنی زاڵبوون و هەیمەنەت بوون، کەواتە گەشەکردنی تەواوی بەشداریکردنی گشتی پەیوەندی بەزۆر هۆکاری کۆمەڵێیەتییەوە هەبووە، کە سەرئەنجام گۆرانکاری بەسەریاندا هاتووە.

هابرماس پێیوایە خود–باسکردن لە بەشداریکردنی گشتیدا، بوەتە هۆی دروستبوونی چەمکی «رای گشتی»، ئەم تێگەیشتنەش لای هابرماس دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو بۆ کارەکانی کانت، مارکس، هیگل و چەند فەیلەسوفێکی دیکە.

لە ئێستادا بەشداریکردنی گشتی روو لە داروخانە، بەهۆی گۆرانکارییە بونیادی و ئابوریەکانەوە. سنوری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دیارنییە، ئەمەش بوەتە هۆی دوبارە گەراندنەوەی دەرەبەگایەتی بۆ کۆمەڵگە. لەئێستادا دەوڵەت و کۆمەڵگە دەست دەخەنە ناو بواری یەکدییەوە، بواری تایبەت بەرەو خۆی هەرەس

گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە(٣٨)
نیسانی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم